# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## سەبارەت بە شکستی ڕژیمی ئیسلامی لە شانۆگەری هەڵبژاردن دا لە کوردستان

ڕۆژی جومعە ڕێکەوتی ١ی ڕەشەمەی سالی ١٣٨٢ی هەتاوی هەڵبژاردنی فەرمایشی مەجلیسی حەوتەمی ئیسلامی لە کوردستان بەڕێوە چوو. کۆی هەوال و ڕاپورتەکان لە حەوزەکانی جۆراوجۆری دەنگدان لەشار و دیهاتی کوردستان وا نیشان دەدەن کە هەر وەکوو چاوەڕوان دەکرا، خەلکی کوردستان وەلامی موسبەتیان بە بانگەوازی نەچوون بۆ بەردەم سندووقەکانی دەنگدان داوەتەوە و شانۆگەری هەڵبژاردنی ڕژیم لەم ناوچەیەدا لەگەل شکستیکی قەتعی بەرەوروو بوە. خەلکی کوردستان نەك هەر لەم شانۆ بیبایەخەدا بەشداری‌یان نەکردوە، بەلکوو بە بەریوە بردنی گەلیك حەرەکەتی سیاسی و خەباتکارانە لە سەروبەندی هەلبژارندا، وەلامیکی ددان شکینێان بە ڕژیم و بە دەست و پیوەندەکانی لە کوردستان، داوەتەوە.

ئیمە لیرەدا ڕایٔدەگەینین کە ئەم ئامارانەی وا بەناوی بەشداری خەلك لە هەلبژاردن دا لەلایەن ڕژیمەوە بلاو دەبنەوە چکۆلەترین سەنەدیت و ئیعتباریکیان نیە و هەموو ئەو پڕوپاگەندەی کە بەنێوی بەشداری خەلك لە هەلبژاردن دا لەلایەن دەزگاکانی تەبلیغاتی ڕژیمەوە باس دەکرین، شانۆگەلێکن کە لە پێشەوە ئامادە کرابوون.

ڕۆژی جومعە جاریکی دیکە خەلکی تیکوشەری کوردستان لیبراوانە و بەدەنگی بەرز بە بیروڕای گشتی جیهانیان ڕاگەیاند کە ڕژیمی ئیسلامی چکۆلەترین شەرعییەتیکی نیە و بەڵگەی ئەو ریسواییەی ڕژیم لە بەرچاوی میلیونها کەس لە خەڵك تۆمار کراوە و بەهیچ جۆریك حاشای لێ ناکرێ.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕێز دەگرێت لەو وەلامە بەجێیەی کە خەلکی کوردستان بە بانگەوازەکانی کۆمەڵەیان داوەتەوە و پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لەهەموو ئەو ئینسانانە دەکات کە لە دیکتاتوری و ستەمکاری بیزارن و دڵیان بۆ ئازادی و بەرابەری و عەداڵەت لێ دەدا.

٢ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی